ترەمپ: زیانەکانی ئاگرەکەی لۆس ئەنجلس لە زیانی هەر هێرشێکی ئەتۆمی بۆسەر وڵاتەکەمان زیاترە



دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا ئەمڕۆ سێشەممە رایگەیاند، زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەکانی لۆس ئەنجلس زیاترە لە "زیانی هێرشێکی ئەتۆمی" بۆسەر وڵاتەکەی.

دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی نیوزماکس، سەبارەت بە دۆخی ئاگرکەوتنەوەکانی لۆس ئەنجلس رایگەیاندوە، "دۆخەکە زۆر خراپترە لەوەی کە لە تەلەفزیۆن دەیبینیت".

وتیشی، "من باوەڕم بەوە هەیە زیانەکانی ئاگرەکەی لۆس ئەنجلس لە زیانی هەر هێرشێکی ئەتۆمی بۆسەر وڵاتەکەمان زیاترە".

ترەمپ پێشتر بەرپرسانی ویلایەتی کالیفۆرنیای بە بێتوانایی تۆمەتبار کردبو بەهۆی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئاگرکەوتنەوە کوشندەکانی دارستانەکان کە لە دەوروبەری لۆس ئەنجلس سەریهەڵدا .

دوای ئەوەی ئاگرکەوتنەوەکان کە لە 7ی ئەم مانگە لە لۆس ئەنجلس دەستیانپێکرد، بەلایەنی کەمەوە 24 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 12 هەزار و 300 باڵەخانە

وێرانبون، لەنێویاندا ماڵی کەسایەتییە ناودارەکان هەیە.